بە ناوی کوردستانی گەورە !
٢٠٠٣/٦/٢٦

# لە کوردستانی گەورە دو دانە میزوپۆتامی هەیە !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

ئەرکی سەرشانی هەمومانە، کە کوردستان باش بناسین و چاکی بناسێنین، چون تا مرۆڤ جێگەیەک بە تەواوی نەناسێ، ناتوانێ کارێکی ئەوتۆی بۆ بکا.
یەکێک لەو ناوچانەی کە لە جوغرافیا ومێژوودا، ئاماژەیەکی وردی پێ نەکراوە، ناوچەی مێزۆپۆتامی رۆژهەڵاتە، کە ئێستا بۆ ئەوەی مەبەستەکە روونتر بێتەوە، ئەم باسەی خوارە تان پێشکەش دەکەم.
لە نێو کورددا، زۆرتر مێزۆپۆتامی بەو هەرێمە دەڵێن، وا کەوتوەتە نێوان چۆمی دەجلە و فەرات، کە وشەیەکی یونانیە و بە مانای " نێوانی دو ئاوان "ە. بە عەرەبی، بەم مەڵبەندە دەڵێن " بین النهرین "، کە یانی " نێوانی دو چۆمان ". پێویستە ئەمەش وەبیربخەمەوە، کە ئەم هەرێمە، لە مێژوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، نەخشێکی زۆر گرنگ و سەرەکی بوە، کە چون تەوەرەی باسەکەی من شتێکی دیکەیە، ئەم مەبەستە دەهێڵمەوە بۆ دەرفەتێکی دیکە.
بەڵام لە کوردستانی گەورە، ناوچەیەکی دیکەش هەیە، کە لە نێوانی دو چۆم دایە و ماناکەی هەر بەم چەشنەیە. ئەم ناوچەیە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە نێوان چۆمگەلی جەغەتو و تەتەهو دایە، کە کاتی پادشایانی قەجەر، پێیان وتوە " دوئاوان " و لە پاشان لە کاتی رەزاشادا، شاری دوئاوانیان ناوناوە " میاندواو " و هەر دو وشە کە مانای وشەی مێزۆپۆتامی یۆنانی دەدەن، کە واتە " نێوانی دو ئاو یا دو چۆم "، کە دەکرێ بەم مەڵبەندە بڵێین " مێزۆپۆتامی رۆژهەڵات " و بەوەی نێوان چومگەلی دەجلە و فەرات بڵێن " مێزۆپۆتامی رۆژاوا ".
مێزۆپۆتامی رۆژاوا بۆ هەمووومان زۆر باش ناسراوە، بەڵام چون رەنگە سەبارەت بە مێزۆپۆتامی رۆژهەڵات، واتە دوئاوانی پێشو، ئاگاداری زۆر نەبێ، ئێستا لێرەدا تا جیگەیەک لێی دەزانم، شتەکە راڤە دەکەم :
هەروەک وتم، ناوچەی مێزۆپۆتامی رۆژهەڵات لە نێوان چۆمگەلی جەغەتو و تەتەهو دا هەڵکەوتە. جەغەتو بە ناوی کوڕە گەورە هولاکۆخانی موغول، کە ناوی " جەغتای " بوە ناونراوە و تەتەهو بە ناوی کوڕە چکۆلەکەی کە ناوی " تەغتای " بوە، چون بە ناشکوری نەبێ، یەینێکی زۆر، ئەو ناوچەیەی کوردستان لە ژێر رکێفی موغوولە رەسەنەکان دا بوە (نەک مغوولە نارەسەنەکان) و پێتەختیان لە شاری مەراغە بوە. چۆمی جەغەتو و تەتەهو، لە کوێستانی زاگرۆسەوە، لە سنووری ئێران و عێراق!، سەرچاوە دەگرن و هەردووکیان، پاش ئەوەی کە دێنە پێدەشتیەکانی رۆژهەڵاتی زاگرۆس، دەرژێنە نێو گۆلاوی ورمێ.
ئەم شار، شارۆچکە و هەرێمانە، لە ناوچەی مێزۆپۆتامی رۆژهەڵات، واتە لە نێوان دو چۆمی جەغەتو و تەتەهو یا ئاوەرۆکانی ئەم دو چۆمەدا، هەڵکەوتوون :
بۆکان، سەقز، تیکاب، میاندواو، سایینقەڵا، قەرەمووسالیان، سوننەتە، ساحێب، برێک لە موکوریان، هەوشار، سەرشیوی سەقز، ناوچەی فەیزوڵڵا بەگی، گەورکی سەقز، چۆمی مەجید خان، دەشتی حاجی حەسەن (کە دەمێکە، لەژێر ترکاندن دایە)، ناوچەی تەرەغە، برێک لە ناوچەی دێمۆکری،

دێهستانی بەهی، دێهستانی یەڵتەمر، ناوچەی چەرداوڕو، ناوچەی زاخۆرانی، ناوچەی مووسڵانی، کوێستانی ماینبڵاغ و زۆر جێگەی دیکە.

شیاوی سەرنجە، کە نزیکەی حەفتا ساڵە، ناوی ئەم چۆمانەیان گۆڕیوە وئێستا باوەکو خەڵک هەر ناوە پیشووەکان بەکاردەبەن، لە نووسراوە دەوڵەتیەکاندا، بە جەغەتو دەڵێن " زەڕینە روود " و بە تەتەهو دەڵێن " سیمینە روود "، کە بە ریز (بە تەرتیب) واتە چۆمە زێڕینە و چۆمە زێوینە.

ساڵی ١٩٧٦، لە نزیکی شاری بۆکان، لەسەر چۆمی جەغەتو، بەربەندێکیان دروست کرد بە ناوی بەربەندی بۆکان یا کورووشی مەزن، کە زورلە گوندگەل و ناوچەگەلی کوردەواری چونە ژێر ئاوی بەربەندە کە و وێران بوون، بەڵام ئێستا زوربەی ئاوەکەی، بۆ کاری کشتوکاڵ و ئاوەدانی، دەنێررێ بۆ عەجەمستان، کە سەبارەت بەم ئەنفالە ئابووری و ...، ئەم هۆنراوەیەم لە شێعری " باغی ژین " دا وتوە (هولاکۆ خانی موغول و یەمین لەشکری ترکیش، لە پێشدا لەسەر ئەم چۆمە، بەربەندیان دروست کردوە، کە ئێستا هەردووکیان ڕووخاون) :

سەددەکی بۆکان و دوکان ئاوی دو چاوی منن
بەم سروشکە، خاکی خەڵکی پرگول و نەسیرن ئەکەم
مێژۆپۆتامی، کە واتەی " بەینی دوئاون " ئەدا
هەم لە مەشریق، هەم لە مەغریب، هێزی لێ دابین ئەکەم
هێندە هۆنەر باسی کەزیە و پەرچەمی سەرخاڵی کرد
حەسرەتی بەیداغی کورد و پەرچەمی رەنگین ئەکەم

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت